**عەبدوڵڵا سەمەدی**

## زیندە بە گۆڕ

کێ دەتوانێ بڕوا بکا ؛ گیا بۆگەنە، لە گوڵەباخ بۆنخۆشترە؟! کێ دەتوانێ بڕوا بکا ؛ ددانی گڕ، نێوچاوانی هەور و هەڵا، ڕوخساری بێشەڵانی زەل، پڕ دڕك و داڵ، لە لێوی ئاڵ، مرواری دان، کوڵمی قەڵەو، ڕووخساری ژن، شیرینترە؟! کێ دەتوانێ بڕوا بکا ؛ داری وشك، پێستی گڕوێ، لقی بێ وەڵگی خوار و خێچ، لە وەنەوشە، لە گەزیزە، لە هەڵاڵە نەشمیلترە؟!

کێ دەتوانێ بڕوا بکا، جگە لە شێت، لە ماخولیا! قڕینی قەل لە قاسپەی کەو، چریکەی پۆڕ، قیژەی شالوور، جریوەی مەل دلگرترە؟!

بەڵام ئە فسووس.. سەد مخابن.. ئێمە لە چاخێکا دەژین، کە ڕۆژی ڕوون، بە ئاشکرا دەڵێن شەوە! شەوی دەیجوور، ئەنگوستەچاو، لە ڕاستەوە دەڵێن ڕۆژە! ڕەش سپییە، سپی ڕەشە! غەم شادییە و شادی شینە!!

داهاتووان بڕوا ناکەن، وەك ئەفسانە لێی دەڕوانن. لە لاپەڕەی پەرتووکێکا سەیری‌دەکەن، بە بزەیەکەوە دەیخوێنن...

ئێمە گیرۆدەی ئەو چاخەین. تا مل لە پیسی چەقیوین. گەپجاڕی دەستی چەپگەردین. بە ساوایی هەڵوەریوین.